
# جەنگی ئیسرائیل لەدژی خەلکی لوبنان... رۆژهەلاتی ناوەراست بەرەو ئایندەیەکی خویناوی وتاریك را پیچدەکا

**خەسرەو سایە**
k.saya@ukonline.co.uk



کردەوە چەکداری‌یەکی حیزبوللا لەخاکی ئیسرائیلدا کە کوژران و فراندنی چەند سەربازیکی بەدواوە بوو، بوە بەهانەیەك بۆحکومەتی ئیسرائیل تاپەلاماری لوبنان بدا وجەنگیکی سەرتاسەری لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا بەرووی خەلکی لوبناندا بهینیتەکایەوە. بەپی‌ی هەواله راگەیاندراوەکانی وەزیری تەندروستی لوبنان تائیستا(تاکاتی نوسینی ئەم ووتارە) ئەم پەلامارو جەنگی‌یەی دەولەتی ئیسرائیل لەقوناغی سەرەتای خۆیدا نزیکەی 100 کوژراوو زیاتر لە 300 کەس بریندداربووە، ئەمە جگەلە ئاوارەبوونی هەزاران کەسی تر. لەلایەکی‌تریشەوە گەمارودانی دەریایی وئاسمانی وبۆردومانکردنی فۆرکەخانەی بەیروت وچەند شوینی تری شاری بەیروت و تیکرمانی ریگاوبان و بەند وبینایەو دامەزراوەکانی وەك ئاوکیشی و کارەبا وهۆیەکانی پەیوەندی وگواستنەوە باروۆدخی خەلکی لوبنانی کیشاوەتە نیو قەیرانیکی خویناوی‌یەوە کەکەس نازانی ئاکامەکانی چەندین قوربانی و بیدەرەتانی لیدەکەویتەوە. لەمبارەوە وەزیری جەنگی ئیسرائیل رایگەیاندووە کەبۆ تۆلەسەندنەوە لەحیزبوللا ئامادەیە دەست بۆجەنگ وپەلاماریکی چەکداری بەری کە لوبنان بۆ20 سال بەرەو دوا بگیریتەوە! حالەتیکی ئاواش نیشانەی مەترسیداربوون و خویناوی بوونی جەنگیکە کە رووی لەرۆژهەلاتی ناوەراست کردووە و لەپیشیانەوە خەلکی مەدەنی وبیتاوانی لوبنانی کردۆتە نیشانەکانی خۆی.

لەبەرمبەر ئەم جەنگەو پەلامارەکانی دەولەتی ئیسرائیلدا جۆرج بۆش لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا لەگەل سەرۆکی روسی فلادیمیر بۆتین بەئاشکرا لایەنگری بۆدەولەتی ئیسرائیل راگەیاند و حیزبوللای بەهۆکاری ئەم شەرە ناساند، هاوکات دەولەتانی ئەوروپا ولەپیشیانەوە روسیا لەژیر داواکاری بۆ "خوراگرتنی ئیسرائیل وخوپاریزی لەشوینە مەدەنی‌یەکان"بەشیوەیەکی زمنی لایەنگری یان لەدەولەتی ئیسرائیل راگەیاندووە و ئەم جەنگەیەان بە"جەنگیکی تەبریرکراو" ناوبرد. دەولەتانی عەرەبی ئەگەرچی بانگەوازی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەیان راگەیاندووە و لەروالەتدا خوازیاری چارەسەری سیاسین بۆ ئەم قەیرانە، بەلام بەهۆی ترسی دەولەتانی عەرەبی لەئیسلامی سیاسی و بەهەرەبەرداری نەکردنی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی ولاتەکانیان لەم قەیرانەو رۆلی ئیسلامی سیاسی تیادا، بەکردەوە سیاسەتی چاو نوقاندنیان لەکردەوەکانی ئیسرائیل و جەنگیك کەبەری‌ی خستووە گرتۆتەبەر. لەتەرفی ئیران وگروپە ئیسلامی‌یە هاو پەیمانەکانی‌یەوە، هەرەشەی کاردانەوەی سەربازی و رووبەروبونەوەی چەکداری بەشیوە ئیسلامییەکەی تائیستا لەزمانی سەرانی حەماس و جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە دیتەخوارەوە ولەپیشیانەوە هەرەشەکانی ئەحمەدی نەژاد کەئەگەر هەرپەلاماریك بۆئیران و سوریا لەلایەن دەولەتی ئیسرائیل و ئەمریکاوە بەری بخری ئەوا ئیران پەنابۆ بەکارهینانی چەکە ناوەکی‌یەکانی خۆی دەبات.. لەکەنار ئەمانەشەوە حکومەتی لەرزۆکی لوبنان، دەستەوەستان

وبيچاره لەنيو هەولى ديبلۆماسى و بيدەربەستى لايەنە ئۆپۆزسيۆنەكانيدا ماوەتەوە و هيچكارە لەگەل شەريكدا بەرەو رووە. بەلام بنەماو زەرورەتەكان ومەتلوبيەتى ئەم جەنگە بۆهيزە دەرگيرەكان چىيەو چ ئامانجيك لەگۆردايە؟

لەتەرفى حيزبوللاوە، پەلامارى چەكدارى لەنيوخاكى ئيسرائيلدا تەنها كردەوەيەكى تيرۆريستى نەبوو، ئەمە يەكيك لەهەنگاوەكانى راكيشانى جەنگە بۆخوارى لوبنان و كردنەوەى بەرەيەكى ترى هەرئەوجەنگەيە كەئيسرائيل چەندرۆژدەبى لەناوچەى سەروى غەزە لەفەلەستين بۆتەسفيەى حساباتى خۆى لەگەل حەماس و چەكدارەكانى ئيسلامى سياسى وبەشكست كيشانى حكومەتى حەماسى ئيسلامى دەستى پيكردووە. حيزبوللا بۆ شكاندنى گەمارۆى حكومەتى حەماس و بەهانا هاتنيەوە، هاوكات بۆ كردنەوەى بەرەيەكى ترى جەنگە لەرۆژهەلاتى ناوەراستدا، بەتايبەتى كە بارگرژى نيوان ئيران و ئەمريكا لەسەر چەكى ناوەكى بەزيانى راگرتنى ئەم كيشمەكيشيە لەبازنەى ئەمريكا –ئيراندا، بەهانەى خولقاندنى ئەم قەيرانەى بەدەستەوە گرتووە. لەيەك ووتەدا كردەوە چەكدارىيەكەى حيزبوللا گۆرانى ميزانى جەنگە لەفەلەستين وبارگرژى نيوان ئيران وئەمريكا بەقازانى فراوانكردنەوەى كيشمەكيشەكان بەشيوەى خويناوى بەپشتيوانى جمهورى ئيسلامى ئيران، تا گشت ئيستراتيژى ئەمريكا لەرۆژهەلاتى ناوەراستدا وبەتايبەتى لەعيراق و فەلەستين بباتە نيو بارودۆخيكى ئالۆزتر وبيئاكامەو ئەمەش ريگاى دريژە پيدانى عومرى جمهورى ئيسلامى ئيران و پەيداكردنى بالادەستى ئيسلامى سياسى وگروپەكانى بەرامبەر ئەمريكاو هاوپەيمانانيى مسۆگەر بكات.

لەتەرەفى ئيسرائيليشەوە كردەوەى ئەم جەنگە بۆ ئازادكردنى سەربازانى ئيسرائيلى نىيە، بەلكو ئامانجى ئيسرائيل خالىكردنەوەى بەرەكانى پشتى رووبەروبوونەوەيەتى لەهيزەكانى ئيسلامى سياسى . بەواتايەكىتر وەدەرنانى حيزبولا لەلوبنان و چەككردنى ئەتوانى دەولەتى ئيسرائيل لەمەوقعيكى بالادەستتر لەبەرامبەر كيشەى فەلەستين و رۆژهەلاتى ناوەراستدا دابنى وتەنانەت لەنزاعاتيدا لەگەل سورياو ئيران و باقى ولاتانى عەرەبيدا، بەوەرو ئيمتيازاتيكى سياسى گەورەتر ببات. بەلام جەنگ لەلوبنان روداواويكى ناوچەيى و پەلاماريكى كاتى وبرگەيى نىيە، بەلكو ئەمە گۆشەيەك لەشەرو پيكدادانيكى فراوانترى نيو جەمسەرەكانى هەردوو قوتبى تيرۆريستىيە، كەلەسەريكدا ئەمريكاو ئيسرائيل و دەولەتانى هاوپەيمانيانە لەرۆژئاوا روەستاوە ولەسەريكى تريدا ئيسلامى سياسى و جمهورى ئيسلامى وحەماس و حيزبوللا و گروپەكانى ترى لەعيراق و ئەفغانستان و باقى ولاتانى رۆژهەلات.. كەبەدواى شەر لەعيراقدا وبۆبرانەوەى ئيتسراتيژىيەكى جيهانى كەوتونەتە موسابەقەيەكى خويناوىيەوە. بەتايبەتيش ئەمريكا بۆ جيگيركردنى ئيستراتيژى نەزمى نيوى جيهانى وەدەرنانى حەريفەكانى لەرۆژئاوا و ملكەچ پيكدرنى دەولەتانى رۆژهەلات بۆ سياسەتيك كەقازانج وبەرژەوەندىيەكانى ئەم ئيستراتيژە لەبەرچاودەگرى، بەپيويست لايەنگرى راستەخۆ بۆدەولەتى ئيسرائيل وشەروپەلاماريك دينيتەكايەوە كە لەناوچەكەدا بەدژى خەلكى فەلەستين و لوبنان بەرىكەوتوە. لەولاشەوە ئەوە ئيسلامى سياسى و گروپەكانىيەتى كەجەنگ و تيرۆرو ئيسنان كوشتيانيان كرۆدتە بنەماى قودرەتگرتن و دەسەلات لەرۆژهەلاتى ناوەراستدا.. بەلام ئەوەى لەهەردوو سەرەوە رۆشنە ئەوەيە كە ئەنجامى ئەم كيشمەكيش و موسابەقە تيرۆريستىيە ژيان ومەرگى مليونەها ئينسان ولەبەين بردنى ئارامى و تيكرمان و گيرانەوەى كۆمەلگا بۆنيو سيناريۆى رەش وكۆنەپەرستى، كردوتە نيشانەيەكى خۆى.

جەنگى ئيسرائيل لەدژى خەلكى لوبنان، رۆژهەلاتى ناوەراست بەرەو ئايندەيەكى خويناوى وتاريك راپيچدەكا، بۆيە دەبى ئەم جەنگە دەستبەجى رابگيرێ.. دەولەتى فاشيستى ئيسرائيل كەهيشتا لەشەردايە لەدژى خەلكى فەلەستين و دەستى لەهيچ جۆەر شيوەيەكى كوشتارو كاولكارى و ئاوارەكردنى خەلكى فەلەستين نەپاراستووە، جەنگيكى خويناوى ترى لەرۆژهەلاتدا بەدژى خەلكى لوبنان بەرى خستووە، كەزۆرنىيە لەپەلامارو كوشتارگاكانى هەر ئەم دەولەتە هارو ئينسان كوژە رزگاريانبووە. تاوان و ئيسنان كوژى و كاولكارى دەولەتى ئيسرائيل هيچ سنوريك ناناسى و جەنگيك كەدەستى داوەتى بەبى شك بروسكەيەكە لەپوشەلانيك

**کەبەدوای خۆیدا ئەتوانی هەموو رۆژهەلاتی ناوەراست بەرەو شەریکی خویناوی ببات  کەهەرئیستاش لەبەردەم دەرگای سوریا راوەستاوە.. بۆیە ئەرکی هەموو خەلکی ئازادیخواز وئینسان دۆستە لەدژی ئەم جەنگە وبۆ راگرتنی بێنە مەیدانەوە..**
**بیگومان گیرانەوەی ئاشتی وئارامی بۆرۆژهەلاتی ناوەراست لەپیشیانەوە بەخەباتیکەوە گری دراوە کە دەبی کۆتایی بەجەنگ وداگیرکاری لەعیراق بهینی و خواستی پیکیهنانی دەولەتیکی سەربەخۆ وخاوەن مافی تەواو بۆفەلەستینییەکان بکاتە ئالای خۆی و دەستی ئیسلامی سیاسی وحکومەتەکانی لەسەر ژیانی خەلك کۆتا بکاو ریگای سکولاریزم و ئینسانیەت بگریتەبەر.. حیزبی کومۆنیستی کریکاری لەریزی پیشەوەی ئەم خەباتەدایە..**

2006/7/15